هاوڵاتی
lawan_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٥٠٥) یەکشەممە ٢٠٠٩/٣/٨



**کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنیو شارییەو تەوەقوعاتی خەڵك ئازادیخوازییە، بەڵام دەسەڵات بەتەواوی دەسەڵاتێکی دواکەوتووانەی عەشایەریو پیاوسالارانەیە**

# رەخنە لەشێوازی یادکردنەوە تەقلیدییەکـ

## ئامارەکانی توندوتیژی دژ بەژنان زیاددەکرێت، هەوڵەکانیش دیـ



توندوتیژی بەردەوامە



خەتەنەکردن قەدەغە ناکرێت



مافی ژنان پارێزاو نییە



سوتان چەکی ژنان بەرامبەر بە توندوتیژی

**ئا:ئالا لەتیف**

لەهەرێمی کوردستان یادی ١٠٣ساڵەی رۆژی جیهانی ژنان دەکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرێك لەژنان لەمێژووی ئەو رۆژە بەئاگانین.

ژوان کە خوێندکارێکە لە زانکۆ سلێمانی سەبارەت بە٨ی مارس دەڵێت" ئەم رۆژە تەنها تەپڵو زورناو دروشمی بریقەداری رێکخراوەکانی ژنانم دەهێنێتەوە بیر کە لەو رۆژەدا بەرزیدەکەنەوەو هەر ئەو رۆژەش لەفایلی ئۆفیسەکانیاندا تۆزی لەسەر دەنیشێت".

### ١٨ساڵ بانگەشەی مافی مرۆڤ، کەچی ژنان دەکوژرێن

ئەگەر ٨ی مارسو بزوتننەوەکانی رابەرایەتیکردنی داخوازییەکانی ژنان لەجیهاندا خاوەنی مێژویەکی ١٠٣ساڵی بن لە کێشمەکێشم، ئەوا لەکوردستان بەتایبەت لەدوای راپەرینی ١٩٩١ ئەزمونێکی ١٨ساڵی هەیە لەبوونی رێکخراوەکانی تایبەت بەژنانو کۆمەڵگای مەدەنیو بانگەشەی دیموکراسی، بەڵام ژن کوشتنو توندوتیژی بەرامبەریان وێرای دیاریکردنی هۆکارەکانی بەردەوامە.

تامان شاکر نووسەرو رۆشنبیر دەڵێت"ئێمەی کورد زۆر باس لەرۆژی خۆشەویستیو ٨ی مارس و کۆمەڵێك شتیتر دەکەین، بەڵام لەهەمانکاتدا کار ناکەین و بەدوای ئەو میکانیزمانەدا ناگەرێین کە چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزێتەوە یان کەمی دەکاتەوە، هەرکەسێك لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی قسە بکات، بەڵام کردار لەگەڵ قسەکردن جیاوازە، ساڵانێکی زۆرە بانگەشەی دیموکراسییەت دەکەین لەکوردستاندا و بەشێوەیەکی زۆر نادیموکراسییانەش هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەین، ئەمەش رەنگیداوەتەوە لەسەر حیزبوسیاسەتو پەرلەمان لەوڵاتی ئێمەدا".

فەلاح موراادخان لە رێکخراوی وادی ئەڵمانی دەڵێت "لەدوای راپەرینەوە بوارێك هەبوو لەبەردەم هەرێمی کوردستاندا بۆئەوەی ببین بە نموونە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراستو چاومان لێبکرێت، ئەویش بەدژایەتیکردنی ئەو دیاردە دزێوانەی کە لەکۆمەڵگاکەماندا هەیە، بەڵام لەبێدەنگ بوونمان لەسەر دیاردەکانی کوشتنو توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانو خەتەنەکردنیانو بەجدیی کارنەکردن بۆ دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی ژنان و گۆرینی بۆ یاسای مۆدێرن، ئەمانە هەمووی گومان دەخاتە سەر ئەو بانگەشە بریقەدارانەی کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا کراوە"

گەرچی لەکوردستاندا بانگەشە بۆ مافی مرۆڤو مەدەنی بوونی کۆمەڵگا دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەڵام رۆژانە ژنان دەبنە قوربانی جۆرەکانی توندووتیژی، خەسرەو سایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دەڵێت" کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنیو شارییەو تەوەقوعاتی خەڵك ئازادیخوازییە، بەڵام دەسەڵات بەتەواوی دەسەڵاتێکیدواکەوتوانەیعەشایەریو پیاوسالارانەیە، راگەیاندنی حیزبەکان هەر لەگۆرانیو ئەدەبو هونەر هەتا تەشریفاتی مەلاو شێخو کۆنەپەرستی هەتا دەگاتە زاڵکردنی شەریعەت لەدەستورو یاسای ئەم وڵاتەدا، ئەوەی کە یاسا بۆ پێشمەرگە هەیە بۆ وەبەرهێنان هەیە، بەڵام یاسایەك نییە کە مافو ئازادییەکانی ژنان دەستەبەر بکات، خەڵك موتەمەدنە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە مەدەنی نییەو پێچەوانەیە لەگەڵ ئازادیو مافەکانی ئینسان، خودی ئەوەی کە فرە ژنی لە کوردستاندا چەسپاوە مانای ئەوەیە کە ژن هاوڵاتی پلە دووە، ئەمە جگە لەوەی کە یاساکەی پەرلەمان ئەوە دەسەلمێنێت دەسەڵاتداران و پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەی پەسەند کردووە ژن ببێتە کاڵای بازارو فرۆشتنی سێکسو دەستی دەوڵەمەندان ئاوەڵا بکات".

### وێرای دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی، توندوتیژی بەرامبەر به ژنان بەردەوامە

یادکردنەوەی ٨ی مارسی ئەمساڵ لەکاتێکدایە کە ژنان لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا دەگوزەرێننو چوونە سەری ئامارەکانی کوشتنی ژنانو پیادەکردنی توندوتیژیو خەتەنەکردنی مێینەو خۆسوتاندنی ژنان هەرچی زیاتر هەوڵی رێکخراوەکانی ژنانو بەرێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان دەخەنە ژێر ئەو پرسیارەی کە بۆچی ئەم دیاردانە لەکوردستاندا هەیە؟

تامان شاکر هۆکارەکانی بوونی ئەو دیاردانە لەهەرێمی کوردستاندا دەگێرێتەوە بۆ نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو دەڵێت "لەکوردستاندا نادادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە ئەمەش وایکردووە کە کێشەکان رۆژ لەدوای رۆژ قوڵتر ببنەوە، وەك ئەوەی لەبەرنامەیەکدا گوێبیستی بووم کە لەکوردستاندا ٣٦٨٤ مزگەوت هەیە، ئایا ژمارەی قوتابخانەکان بەو رێژە زۆرە هەیە؟ بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی روبەرووی توندوتیژی دەبنەوە ئەوانەن کە لەچینی هەژارانو بەپلەی یەکەمیش حکومەت لێی بەرپرسیار".

تامان وتیشی "ئەگەر ئێمە بەراستی باس لە ٨ ی مارس بکەینو باس لەکێشەی ژنان بکەین ئەبێت هەریەکێك لەلای خۆیەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەو کێشە گەورانە بکات کە ئەمرۆ ژنان لە کوردستاندا لەگەڵیدا روبەروون، زۆرن ئەو نوسەرو رۆشنبیرانە کە بابەتی زۆر سەبارەت بە کێشەکانی ژنان لە لاپەرەی رۆژنامەکاندا بڵاودەکەنەوە، بەڵام بەویژدانەوە چەندیان لەگەڵ مافی ژنن؟ چەندیان رێز لە ژنەکانی خۆیانو لە خوشكودایکی خۆیان دەگرن؟ هەر ئەم ئیزدیواجییەتەشە وایکردووە کە کێشەی ژنان رۆژلەدوای رۆژ ئاڵۆزتر بێت" .

### خەتەنەکردن مەترسیدارتین جۆری توندوتیژی لە کوردستاندا

فەلاح موراادخان بەرێوەبەری رێکخراوی وادی ئەڵمانی کە لەمەسەلەی خەتەنەکردنی مێینەدا خاوەنی ئامارو فیلمی دۆکیومێنتارین هۆکاری خەتەنەکردنی مێینەو زیادبوونی رێژەکەی دەگێرێتەوە بۆ زاڵبوونی بیروباوەری ئاینی لەکۆمەڵگادا، ئەو دەڵێت "یەکێك لە هۆکارەکانی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستاندا ئەوەیە کە زۆربەی زۆریان بروایان بە مەزهەبی شافیعی هەیە هەر لەبەرئەوەشە ئەو ناوچانەی کوردستان کە ئەم مەزهەبەی تێدایە رێژەکە تێیدا زیاترە، ئێستاش خەڵك لە کوردستاندا زۆر کاریگەرە بەم مەزهەبە، بۆیە ئەم دیاردەیە بەردەوامەو لەتەشەنەکردندایە"

فەلاح ئاماژە بەوەشدەکات کە هەرچەندە لەهەندێك ناوچەدا بەنموونەی ناوچەکانی گەرمیان ئەو رێژەیە کەمیکردووە بەڵام ئەمە جێگەی دڵخۆشی نییەو لەبەرامبەردا لەناوچەکانی رانیەو قەڵادزێو پشدەر رێژەکە لەچوونە سەرەوەدایە.

### رێژەی خەتەنەکردنی مێینە لەچ ئاستێکدایە

ئامارەکانی رێکخراوی وادی ئەوە دەخەنە روو لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨دا لە٧٦٪ی مێینەی کوردستان خەتەنەکراونو بەرزترین رێژەش لە سنورەکانی پشدەر(رانیەو قەڵادزێ) تۆمار کراون، بەرێژەی٩٤٪-٩٧٪ بەشێوەیەك کە لە سنوری رانیە لەکۆی ٣١ گوندو بەشداربوونی ٢٣١٧کەس ٢١٨٤یان خەتەنەکراونو لە قەڵادزێش لەکۆی ٧٥ گوندو بەشداربوونی ١٧٠٤ کەس ١٦٥٩کەسیان خەتەنەکراون.

### پەرلەمان چی کرد بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە

هەرچەندە لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەنێو پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە ئامادەکرد، بەڵام خوێندنەوەی ئەوپرۆژە یاسایەو بریاردان لەسەر پەسەندکردنی بەهۆی زۆرینەی رێژەی ئەندام پەرلەمانە پیاوەکان کۆتایی پێهات.

کوێستان محەمەد ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لەنێو پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەهۆکارەکانی پەسەند نەکردنی ئەوپرۆژە یاسایە دەڵێت" بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەبوون کە لەپەرلەمان گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە نەکرێت کە چەند هۆکارێکی هەبوو لەوانە ئەوەبوو کە وتیان مەسەلەیەکی هەستیارە، شەرمی ئەندامە پیاوە موحافیزکارەکان، رەنگدانەوەی خەڵكو بەداخەوە بەشێك لەراگەیاندنەکان کە پەرلەمان ئیشی نییە یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان دەردەکات پێیانوابوو کە ئەمە دەبێتە هەڵایەك لەسەر پەرلەمان کە هیچ ئیشی نییە خەتەنەی مێینە قەدەغە دەکات، بەڵام سەرەرای بوونی ئەو رێگرییانە ئێمە بەسێ ماددە مەسەلەی قەدەغەکردنی مێینەمان هێناوەتە ناو ئەو یاسایەوە»

### ئەدای ژنە ئەندام پەرلەمانەکان لاوازبووە لە خستنەرووی کێشەکانی ژنان

هەرچەندە ژنان لەپەرلەماندا رێژەی لە٢٥٪یان هەیە بەڵام وەك پێویست نەیان توانیووە کار بۆ مەسەلەی ژن بکەن، تامان شاکر دەڵێت" من پێموانییە ئەو کەسانەی کە حوکمی ئەم وڵاتە دەکەن وە ئەندامی پەرلەمانن بێبەشبن لەو کەلتوورە باوەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمە پیادە دەکرێت، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی حیزب نەبوایەو لیستی کراوە هەبوایە ژنانێك کە بەراستی شایستەن ببن بە ئەندام پەرلەمان بەواقعی ببوونایە بەداکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ ئەوکاتە دەکرێ قسە لەسەر ئەوە بکرێت کە دەتوانرێت کاری ئیجابییان لێ چاوەروان بکەین".

سەبارەت بە ئەندامانی ژنی پەرلەمانیش وتی "من چی بڵێم کە ژن هەیە تائێستا گوێمان لەدەنگی نەبووە ، بەڵام لەپەرلەماندا ئەندامەو بەناویش نوێنەری منو تۆیە لەپەرلەماندا. ئەوە بۆخۆی جێی هەڵوێست گرتنو نیگەرانییە کە چەند ژنێکی ئەندام پەرلەمان ئیمزایان کرد فرەژنی بکرێت بەیاسا".

### ژنانی پەرلەمانیش دەرکردنی یاسا بەپێویست دەزانن

ئەگەر دەرکردنی یاسا وەك چارەسەرێك بۆ کێشەکانی ژنان پێشنیاری رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی یان ژنانی ئاسایی بن، ئەوا دەرکردنی ئەو یاسایانە پێشنیاری ژنانی ئەندام پەرلەمانیشە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە بۆ ئەو یاسایانە دەرناکرێت؟

کوێستان محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "دەرکردنی ئەو یاسایانە لەئەرکی خۆمان وەك ئەندام پەرلەمان دوور ناخەمەوە بەڵام لەماوەی ئەم سێ ساڵەی دەستبەکاربوونی ئێمەدا توانیومانە ئەوەندە بکەین".

### پەرلەمان کەمتەرخەمە لە بەدوواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان هەندێك برگەی لەیاسای باری کەسێتی هەموارکرد کە خزمەت بەژنان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گلەیی ئەوە دەکرێت کە ئەویاسایانە جێبەجێ ناکرێنو پەرلەمانیش خۆیان بە کەمتەرخەم دەزانن.

کوێستان محەمەد دەڵێت "ئێمە کەمتەرخەمین، وەك پەرلەمان رەخنە لەخۆمان دەگرین کە نەمانتوانیووە چاودێرێکی باشبین بەسەر دەزگای جێبەجێکردن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان. ئەگەر بڵێین لە١٠٠٪ هەموو شتێکمان کردووەو ئەم وڵاتەمان کردووە بەشامی شەریفو ژن لەسایەی بوونی ئێمەدا زۆر خۆشگوزەرانە نەخێر، ژن هێشتا لێیدەدرێت، خەتەنە دەکرێت، دەسوتێت، دەچەوسێنرێتەوە، هێشتا مافی خوێندنی نییە، بەزۆر بەشو دەدرێت و لەسەر بچوکترین سۆزداریو خۆشەویستی یان لوتی دەبرن یان گوێی دەبرن یان دەیکوژن". کوێستان پێی وابوو کە ئەوان کەموکورتییان هەبووە وتی " زۆرشت هەیە رەنگە ئێمە عەقڵمان پێنەشکابێت یان توانامان بەسەریدا نەشکابێتو پێکهاتەی پەرلەمانو لیژنەکەمان رێگر بووبێت لەوەی کە زۆر شت بکەین".

### چۆن دەتوانرێت سنورێك بۆ خەتەنەکردن دابنرێت

بەرێوەبەری رێکخراوی وادی ئەڵمانی باس لەمیکانیزمەکانی بەرگرتن بەو دیاردەیە دەکاتو ئاماژە بەوە دەکات کە "لەقۆناغی یەکەمدا میکانیزمی فشاردانانەوە شکدەبەین بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت کە خەتەنەکردنی کچان قەدەغە دەکاتوکاریش بکەین بۆ جێبەجێکردنی، چونکە لە کوردستاندا بەردەوام یاسا دەردەکرێت و ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەدوای ئەو

lawan_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٥٠٥) یەکشەممە ٢٠٠٩/٣/٨
هاوڵاتی



**دەکرێت ئەو کۆنفرانسانە لەشوێنێکداو بۆهەندێك کەس سوودی هەبێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پارە خەرج کردنێکە، هەموو ئەوانەی کە سەبارەت بەسەرکەوتوویی ئەو کۆنفرانسانە دەوترێت قسەی قۆڕن، کۆنفرانسێك کاتێك سەرکەوتوو دەبێت کە دەرئەنجامەکانی باش بن و بزانرێت چەند کەس کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەرنامەکانی ئەو کۆنفرانسەوە**

# ـــانی ٨ی مارس دەگیرێت

## ـــاردەکەیان بنبڕ نەکردووە



قۆناغەش وەك ئەوەی لەگەڵ پەرلەمانو وەزارەتـــی تەندروستیش قسەمان کردووە کە پلانێك دابنرێت بەلانی کەم بۆماوەی پێنج ساڵ بەبەشداری وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، بۆ دروستکردنی کۆمیتەیەك لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی تەندروستی، پەروەردە، کاروباری ئاینی، رۆشنبیری، لەگەڵ ئەمانەشدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مـــەدەنـــی". سـەبـارەت بەکاری ئایندەشیان فەلاح مرادخان وتی "ئێستا لەگەڵ رۆژنامەی هاولاتیو ئاوێنەو رۆژنامەی رۆژنامە رێککەوتنێك هەیە بۆ دروست کردنی کۆمیتەیەکی سەربەخۆی راگەیاندن و بانگەوازیش دەکەین کەناڵەکانی دیکەش بێتە ناو هەڵمەتەکەوە، جگەلەوەی کە هەڵمەتی راگەیاندن و وشیاری و پەروەردەیمان پێویستە".

گەرچی زۆر لایەن جەخت لەسەر زەرورەتی دەرکردنی یاسایەك دەکەن بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە بەڵام هەندێکیتر رای پێچەوانەیان هەیە.

خەسرەو سایە دەڵێت "دەبێت لە خوارەوەی کۆمەڵگازەمینەسازی بکرێت، بۆڕاگرتنی پەلاماری خەتەنەکردنی ژنان یان توندوتیژی بەرامبەریان، ناتوانیت بەوە دڵخۆشبیت کەیاسایەك دەرچێت خەتەنە قەدەغەبکاتو لەولاشەوە یاسایەك هەبێت کە رێگە بدات بەفرەژنیو یاسایەکی تریش هەبێت کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی بنیاتنرابێت، چونکە خەتەکردن بۆخۆی دەچێتەوە سەر ئاینەکان لەبەرئەوە هەتا ئاین بالا دەستبێتو هەژموونی هەبێت بەسەر سلوكو هەڵسوکەوتی خێزاندا بێگومان ئەو دیاردەیە دەبێت".

سـەبـارەت بـەو هەنگاوانەش کە پێویستن بۆ بەرگرتن بەو دیاردەیەش خەسرەو سایە وتی " بۆ بەرگرتن بەخەتەنە، جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەتو پەروەردە وفێرکردنی زانیارییە سێکسییەکان لەقۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە پێویستە، کە دەبێت بە ئازادی بخوێندرێت چ جای روونکردنەوەی ئەو سزا یاساییانەی کە لەحاڵەتی پیادەکردنی خەتەنەدا رووبـەرووی بکەرانی دەکرێتەوە)). هەندێکی دیکەش پێیانوایە کە لەکوردستاندا بـەدواداچـوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان نەکراوە تامان شاکر ئاماژە بەوە دەکات کە "یاسا دەتوانێت سـەروەر بێت بەمەرجێك بەدواداچوون هەبێت و دادگاودادوەرمان هەبێتو یاساکان سەربەخۆبن وحیزب و حکومەت دەست نەخاتە نێو کاری دادگاوە".

### بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژیو هەوڵی حکومەت بۆ سنورداركردنی توندوتیژی

لەهەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهـۆك وەك هەوڵێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنوردارکردنی ئەو توندوتیژیانەی بـەرامـبـەر بـەژن دەکـرێـن، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان کراونەتەوەو تائێستاش ئـامـارەکـانـی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە واپیشاندەدەن، کە لەماوەی کارکردنیاندا توانیویانە چەندان ژن لە دەست لێدانو هەرەشەی مەرگو خۆسوتاندن رزگاربکەنو هەوڵی جدی بدەن بۆدرووستکردنی هاوسەنگی لەنێو کۆمەڵگادا.

عەقید نـەریـمـان عـەبـدوڵا قـادر بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لەپارێزگای سلێمانی، سەبارەت بەوەزعییەتی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا دەڵێت "ئێمە دەڵێین وەزعییەتی ژنان لە بارودۆخێکی خراپدایە کە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت" بۆ بەرگرتن بەو وەزعیەتەش عەقید نەریمان دەڵێت" ئێمە دەمانەوێت بەژنان بڵێین کە ئێوە بەتەنیانین، پشتگیریتان هەیەو حکومەت هاوکارتانەو ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش بۆ بەدواداچوونی کێشەکانی ئێوە دامەزراوە، بۆبەرگرتن بەو وەزعییەتەش پێویستیمان بەوە هەیە کە ژنـان خۆیان ئامادەییان تێدا هەبێت کە داکۆکیی لە خۆیانو مافەکانیان بکەن".

ئـەگـەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لـەدوو ساڵی رابـردوودا پـەنـای بردبێتە بـەر کـردنـەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیو سەنتەرەکانی دالدەدانی ژنان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان، ئـەوا بـیـرۆکـەی کـردنـەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیو سەنتەرانە شتێکی تازەو نامۆ نییەو لەدەیەی نەوەدەکاندا نموونەیان لەلایەن چەند رێکخراوێکی ژنانەوە هەبووە.

### سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان بە بزنسی حکومەت پێناسە دەکرێن

بەڕێوەبەری رێکخراوی وادی سەبارەت بەو سەنتەرانە دەڵێت" کاتێك ساڵی ١٩٩٩ لە هەرێمی کوردستاندا شێلتەری داڵـدەدانـی ژنـان هەبوو لەهەموو رۆژهەلاتی ناوەراستدا نەبوو، بەڵام ئەمە لەلایەن حیزبوحکومەتەوە تەقەبول نەکراو پشتگیری واقعی نەکرا ئێستا لە٢٠٠٩دا خۆیان دێن شێڵتەر دەکەنەوە لەکاتێکدا دەکرا لەماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا ئەو شێڵتەرانە پەرەیان پێبدرایەو زۆریش لەو رووداو و کێشانەی کە روویانداوە دەکرا بەریان پێبگیرایەو روویان نەدایە". سەبارەت بەپشتیوانی حکومەتی لەو شلتەرانەش ئەوبەڕێوبەرە وتی "چەندین بنکەی تایبەت کراونەتەوە بۆ داڵدەدانی ژنان بەڵام لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری نەکراوەو ئێستاش گومان لەسەر سەرجەم ئەو چالاکییانەیان هەیە کە ئایا تاچەند بەجدی کار بۆ بنبڕکردن یان سنوردارکردنی ئەو دیاردانە دەکەن".

خەسرەوسایەبەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیو سەنتەرەکانی داڵـدەدانـیـان بەبەشێك لە بزنسی حکومەت پێناسە دەکاتو دەڵێت "ئەو شێڵتەرانەی کە حکومەتی هەرێم دایناوە بەشێکن لە بزنس بۆ پارە پەیداکردن تا ئەوەی جواب دەرەوەبن بە مەسەلەی ژن، ئەوانە ئەگەر کارێکیان کردبێت لەژێر فشاری خەڵكو رایگشتیدا بووەو ئەوەی تائێستا وەزعییەتی ژن بەمشێوەیەیە دەلیلی ئەوەیە کە ئەم شێڵتەرانە کارانین، ئەگەر ئەو شێڵتەرانە بەراستی بۆبەرگریکردن لە ژنان دروست بوون ئەبوایە ئێستا رێژەی کوشتنو خۆسووتاندنی ژنان کەم ببوایەتەوە)).

### ئامارەکانی توندوتیژی لەکوردستان

تەنها لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨ دا، لەهەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك، نزیکەی ٣٠٠ ئافرەت رووبـــەڕووی کوشتنو خنکانو سووتان بوونەتەوە، هاوکات نزیکەی ٥٠٠ تۆمەتبار بەتۆمەتی ئەنجامدانی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بەندکراون. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، تەنها لەساڵی ٢٠٠٨دا، لەسنووری هەردوو پارێزگای دهۆكو هەولێر، (١٧٧٥) دۆسییەی تایبەت بەکێشەی ئافرەتان تۆمارکراوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. لەکۆی ئەو رێـژەیـەش (٩٢١) دۆسییەیان داخراونو چارەسەریان بۆ کراوە، بەڵام کۆی دۆسییەکانی تر تائێستا چارەسەر نـەکـراونو لەژێر لێکۆڵینەوەدان. هەروەها بەپێی ئەو راپۆرتە ساڵانەیە، لەساڵی ٢٠٠٨ دا، لەسنووری هەردوو پارێزگاکە، (٧٨) تاوانبار، حوکمدراون، کە لەنێوانیاندا حوکمەکان، لەسێدارەدانو حوکمی هەتا هەتایی تیایە. دهۆکیش زۆرترین ئەوانەی رووبەڕووی کوشتنو خنکانو کوشتنی بەئەنقەست بوونەتەوە لەمانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ دا بووە، کە (٤) حاڵەتە، بەکۆی ساڵەکە (٢٣) حاڵەت هەبووە، کەبەراوورد بەساڵی ٢٠٠٧ کەمتربووە کەئەو ساڵە (٦٢) حاڵەت هەبووە. بەپێی گشتی دۆسییەکان لەسنووری پارێزگای دهۆك، (٤٩٥) دۆسییە هەبوون، کەتایبەت بوون بەرووداوەکانی (کوشتن، سووتان، توندوتیژی سێکسی، ئەشکەنجەدان، سکالاکان)، لەو رێژەیەشدا ٣٠٩ دۆسییەیان داخراون بەبڕیاری یاساییو ١٨٦ دۆسییەشیان لەژێر لێکۆڵینەوە ماونەتەوە، هاوکات بەو هۆیانەشەوە ١٦٢ کەس بەندکراون.

هەرچی دەگەڕێتەوە بەئامارەکانی توندوتیژی لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا، تەنها ئاماری(٦) مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ لەبەردەستدایەو لەئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی سلێمانیەوە وەرگیراوە، دەردەکەوێت کە لەسلێمانی(٩١) روداووتاوانی قورس هەبووەو (٢٤٨)روداوو تاوانی سوك هەبووە، لەسنوری ئیدارەی گەرمیانیش (٢١) روداوی قورس هەبووە(٧٥)روداوی سوك هەبووە.

### کۆڕو کۆنفرانسەکانی تایبەت بەدۆزی ژن بێدەستکەوت بوون

ساڵانە رێکخراوەکانی ژنـانو کۆمەڵگای مەدەنی کۆڕو سیمینارو کۆنفرانسی جۆراوجۆر بۆ دۆزی ژن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەداتو لەکۆتایی هەموو کۆنفرانسێکیشدا بـڵاودەکـرێـتـەوە کە کۆنفرانسەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراوەو تۆمارکردنی توندوتیژییەکانیش بەردەوامە.

تامان شاکر لەوبارەیەوە دەڵێت "دەکرێت ئەو کۆنفرانسانە لەشوێنێکداو بۆهەندێك کـەس سـوودی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پارە خەرج کردنێکە، هەموو ئەوانەی کە سەبارەت بەسەرکەوتوویی ئەو کۆنفرانسانە دەوترێت قسەی قـۆڕن، کۆنفرانسێك کاتێك سەرکەوتوو دەبێت کە دەرئەنجامەکانی باشبن و بزانرێت چەند کەس کەوتۆتە ژێـر کاریگەری بەرنامەکانی ئەو کۆنفرانسەوە، ئەو قسانە هەمووی قسەی جۆراوەنو بەخەڵك دەفرۆشرێتەوە".

تامان سەبارەت بە کاریگەری ئەم کۆنفراسانەش وتی "کاتێك دەتوانرێت بوترێت ئەو کۆنفرانسانە سەرکەوتوو بوون، کە پێوەرەکانی دیاربنو رێژەی کوشتنو توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە کۆمەڵگای ئێمە کەم ببوایەتەوە نەك بەرەو زیادبوون بچوایە، ژنانێکی زۆر ئەمڕۆ لە رێکخراوەکانی ژناندا کاردەکەن کە بەشێکیان کاری جدیان کردووەو جێگای دەستخۆشییەو بەشێکی دیکەشیان لەبازنەی خۆدەرخستندا دەسورێنەوە بەشێوەیەك کە بۆتە خوو لەلایان".

### چۆن دەتوانرێت سنورێك دابنرێت بۆ توندوتیژییەکان

هەلومەرجی ژیانی ژنان گفتوگۆی زۆری لەسەرەو هاوکات قسەی زۆر کراوە لەسەر هۆکارەکانی، بەڵام ئەوەی کە رۆشن نییە ئەو میکانیزمانە کە پێویستە لەئێستادا بگیرێتەبەر، بۆ بەرگرتن بەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجامدەدرێن.

تـامـان شاکر سـەبـارەت بەو میکانیزمانە دەڵێت "دەبوایە لەسەر چەند میکانیزمێك کاربکەین، یەك لەوانە کارکردن لەسەر عەقڵییەتی پیاوو کۆمەڵگا کە دەبوایە رێژەیەکی زۆرتـر لەپیاوان وا لێبکەین دان بە مافەکانی ژنو یەکسانییان لەگەڵ پیاودا بنێن، دووەمیان دەرگای هەلی کار لەبەردەم ژنان بکەینەوە تابتوانن ببنە خاوەنی ئابوری سەربەخۆی خۆیان کە لەم رێگەیەوە دەتوانرێت زەمانەتی ئازادی ژنان زیاتر بکرێت". سەبارەت بە میکانیزمی تر بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی ژنان تامان وتی " میکانیزمێکی تر کە دەبوایە لە مێژەوە گرنگی زیاتری پێبدرایە مەسەلەی خوێندنو نوسینو وشیارکردنەوەی ژنانی کۆمەڵگایە، پێویستە ژنان ئەو وشیارییەیان لەلا دروستبکەین کە بڵێین کێشەو توندوتیژی کردن بەرامبەرت لەچارە نەنوسراوەو دەبێت ئازایەتی لەژناندا درووستبکرێت، کەبتوانن لەئاست ئەو توندوتیژیانەدا بێنە دەنگ کە بەرامبەریان دەکرێت. ئەمە بەدەرلەوەی کە پێویستە کار لەسەر خێزانو کەرتی پەروەردەبکرێت، بەجیا لەوەی کەپێویستە کارکردن بۆژنان و مافی مرۆڤ لەچوارچێوەی حیزبدا بێتە دەرەوەو، دەبێت کەسانی سەربەخۆ ئەم کارانە بکەن".

خەسرەو سایەش دەڵێت" چاکسازی لەژێر سایەی سیستەمێکی ئاوەهادا تەنها بە خەباتی خەڵك دەکرێت و بەخەباتێك دەکرێت کە بزوتنەوەی ژنان خۆی بەڕێوەبەری یاساکانی ئازادیو یەکسانی بێت، خەبات بۆ ئیلغا کردنەوەی فرەژنیو بۆدانانی یاسای باری کەسێتی کەلانیکەم هەوێتی ئینسانی بۆ ژنان بگەڕێنێتەوە، هەر بەو دەلیلە ژنان نەیانتوانی ئەوکارە بکەن سەرەڕای ئەو هەموو سیمینارو هاتنە مەیدانەی ژنان دەلیلەکەی ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە تەواو پێچەوانەو رێگەگرە لەبەردەم ئازادییەکانی ژنان".

خەسرەو سایە پێی وابوو کە ئەبێت دەوڵەتێك ببێت و دەستورێکی ببێت، کە فشاری خەڵك وەفشاری تاکی کۆمەڵگاو رێکخراوەکان بتوانێت کاردانەوەی لەسەری هەبێت. سەبارەت بەرولی دەســەلات لە زیادبووونی توندوتیژی دژ بە ژنان خەسرەو سایە وتی "ئەوان هەرخۆیان ئەو یاسایانە دەخەنە ژێر پێوە کە دایانناوە، بۆیە ئەبێت بزوتنەوەی ژنان بە بزوتنەوەیەکی سیاسی بێتە دەرەوە لەپاڵ ئەحزابی سیاسیدا بۆ گۆرینی کۆمەڵگاو بۆ قودرەتگرتنی خۆی، ژنانیش ئەبێت بەشێك بن لە بزووتنەوەی سەلبی مەشروعییەتو دەسەڵاتی مەوجود ئینجا دەتوانن خواستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، بزوتنەوەیەکی سیاسی بەرامبەر بەم دەسەڵاتە دەبێت بتوانێت چاکسازی بکات ئەگینا هیچ چاوەروانیەك بەرامبەر بەمدەسەڵاتە نییە)).



ئازارەکان کۆتایی نایەت
فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی



خەمۆکی بەرئەنجامی توندوتیژی
فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی



تۆمەتباران راپێچی دادگا ناکرێن
فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی